# ماسی خانم

## شانۆگەریی موزیکاڵ بۆ منداڵان

لەسەر بنەمای چیرۆکی "ماسی خانم"
نووسینی: **عەلی رەزا محەمەدیان**

شانۆنووس:
**ئەنوەر سوڵتانی**

## پێشەکی

دوای خوێندنەوەی هەر دوو چیرۆکی "ماسی خانم" و "ماسی خانم و ئابجی فێڵ" نووسینی ڕێزدار عەلی ڕەزا محەمەدیان هەستم کرد توانایيەکی گەلێک زۆری دراماتیک لە چیرۆکەکاندا هەیە و بۆ ئەوە دەبن فیلم و شانۆیان لێ چێ بکرێت، بەڵام لەبەر بێکەسی کورد هەروا لەوێ ماونەتەوە و کەس سۆراغیان لێ ناگرێت، ئەوەش سەرەڕای سەرکەوتوویی زۆری کتێبە چاپکراوەکەیان کە لە تیتراژێکی گەلێک زۆردا لە شاری سنە بڵاو بوونەتەوە.

جا بە بێ ئەوەی ئەزموونی کارەکەم هەبێت، دەستم کرد بە نووسینی شانۆنامە لەسەر بنەمای چیرۆکەکان و نوسخەیانم ناردەوە بۆ ڕێزدار نووسەری کتێبەکان. والێرەدا دەقی یەکەم شانۆنامە - واتە "ماسی خانم" بڵاو دەکەمەوە و گەلێک هیوادارم ئەم کارەی من ببێتە هاندەرێک بۆ هونەرمەندانی بەڕێز بەهمەنی قوبادی، جەمیل ڕۆستەمی و کەسانیتر، کە لەسەر ئەساسی چیرۆکەکان سیناریۆی فیلم و شانۆنامە ئامادە بکەن – جا کەڵک لە کارەکەی من وەربگرن یا نا گرنگ نییە.

**من بە نووسینی ئەم شانۆنامەیانە هیچ مافێک بۆ خۆم ناخوازم، هەرکەسێکیش بیەوێت فیلم یا شانۆ لەسەر بنەمای چیرۆکەکان چێ بکات، یا تەنانەت کارەکەی من بکاتە فیلم و شانۆ، تەنیا دەبێت لە نووسەری چیرۆکەکان واتە ڕێزدار عەلی ڕەزا محەمەدیان ئیجازە وەربگرێت. من هیچ مافێکم نییە و هەموو مافێکی "کۆپی رایتس" هی ڕێزدار عەلی ڕەزا محەمەدیانە. ئەرکی من تەنیا ئەوە بووە بڵێم فەرموون بزانن ئەو چیرۆکە سەرکەوتووانە چەند لێهاتوویی دراماتیکیان هەیە و بەس!**

هیوادارم کارەکەی من هاندەرێک بێت بۆ خوڵقانی فیلم و شانۆی چیرۆکەکان – و دەشزانم کارێکی ئەوتۆ گەلێک سەرکەوتوو دەبێت.

ڕێزی زۆرم ئاراستەی نووسەری بەڕێزی چیرۆکەکان واتە کاک عەلی ڕەزا محەمەدیان بێت و سپاسی هاوکاری بەڕێزان ئیسماعیل زادە و عەتا جەماڵیش دەکەم.

ئەنوەر سوڵتانی
لەندەن
سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩

## کەسەکان

**١. حیکایەت بێژ**

کچ یان ژنێکی خۆش راوێژ، بە زاراوەی سنەیی  قسە بکات

**٢. ماسی خانم**

کیژۆڵەیەک

**٣. جی جی (زەردەواڵە)**

کوڕێکی بچووک

**٤. سۆنە**

کیژۆڵەیەک

**٥. قورواق**

کوڕێکی بچووک

٦تا ٨:  **کتک و مشک و مامر**

سێ منداڵی ژیکەڵە (کچ و کوڕ) و چەند جووجەڵەیەک

٩ تا ١١: **دەهۆڵ ژەن و زوڕناژەن و قاوڵەمەژەن**

**١٢. کۆرس**

کۆمەڵەیەک کیژ و کوڕی دەنگخۆش (یەکیان دەوری گۆرانیبێژ دەگێڕێت)

**١٣: تاقمێک منداڵ**

سەیری شاییەکە دەکەن و لەگەڵبووک یا زاواشدا دێنە سەر شانۆ

<u>سەرنج:</u>

هەموو دەورگێڕەکان بە زاراوەی سنەیی  قسە دەکەن.

## دیکۆرەکان

١. شانۆی یەکەم:

ماڵی ماسی خانم لەناو دەریا. بەشێوەیەک بێت کە دەریا و ناو ئاو نیشانی بینەر بدرێت. ماڵەکە حەوشی نییە و دەرگاکەی راست لەسەر کۆڵان دەکرێتەوە

٢. شانۆی دووهەم:

ناو کۆڵانی ماڵی ماسی خانم. کۆڵانەکە دەبێ چەند ماڵ و دەرگای تێدا بێت، یەک لەوان ماڵی ماسی خانمە.

٣. شانۆی سێهەم:

دەرگای دووکانی کەوش فرۆش لەسەر شەقام دەکرێتەوە. ویترینی دووکانەکە ژمارەیەک کەوشی سوور و شین و منداڵانەی لێیە.
پیادەڕەوی خیابان و دەنگی هات و چۆی خەڵک و ترومبیل.

٤. شانۆی چوارەم:

ناو کۆڵانێکی تر، دوای شەقامی کەوش فرۆشەکە. کۆڵانی ماڵی قورواق.

٥. شانۆی پێنجەم:

دەرگای ماڵی قورواق و پاشان ناو حەوشەکەیان، حەوشەیەکی بە ئاو پڕاوی گەورە ،کە بۆ شایی و هەڵپەڕکێ ئامادە کراوە.
دەهۆڵ ژەن و زوڕناژەن لەوێ شایی دەگێڕن.

٦. شانۆی شەشەم:

هەمان شوێن: هاتنی بووک و زاوا لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵدا. [بووک و زاواش منداڵن].

### گرنگ:

١. دیکۆرەکان دەبێ شێوەی میعماری و ماڵ و کۆڵانی کوردەواری نیشان بدەن.
٢. هەڵبژاردنی مۆسیقای پڕبە پێستی کوردی بۆ هەرکام لە بەشەکانی ئەم شانۆیە گەلێک گرنگە. مۆسیقاکە دەبێت لە گوێی منداڵان خۆش بیت.

## شانۆی یەکەم

## ناو ماڵی ماسی خانم

*[ماسی چارشێوێکی چیل چیلی واتە گوڵدار بە سەریدا دەدات، خۆی دەڕازێنێتەوە و دەیەوێت لە ماڵ بێتە دەرەوە، خرتە خرت و وردە ورد بەڕێگەدا دەڕوات، هەندێکیش بە کریشمە و نازەوە. کەوشی لەپێدا نییە، بەڵام جلوبەرگە پوولەکەدارەکەی بەشێوەیەکە زۆر لە ماسی دەچێت. رازانەوەی دەموچاوی و بەتایبەت چاوی زل و دەمی زلی دەبێ زۆر لە ماسی بکات. لێرەش و لە هەموو شوێنێکی دیکەی شانۆکەدا، رۆیشتنی دەبێ وەک ماسی وابێت. ئەو ماڵەی وا تێیدایە حەوشی نییە و دەرگاکەی راست کەوتۆتە سەر کۆڵان. حیکایەت بێژ شیعرەکە دەخوێنێتەوە]:*

**حیکایەت بێژ:**

ماسی خانم ناو دەریا *[وێنەی ئاو و دەریا نیشان بدرێت]*
چارشێوی دا بەسەریا *[ماسی چارشێوەکەی بەسەریدا دەدات]*
کەفتە رێگە خرتە خرت
شیرین شیرین وردە ورد*[ماسی بەگوێرەی شیعرەکە دەکەوێتەرێگە]*

ماسی خانم کەوشی نەوو*[دەبێ کەوشی لەپێدا نەبێت]*
ماڵەکەیان حەوشی نەو *[دەرگای ماڵەکەراست لەسەر کۆڵان نیشان بدرێت. پەنجەرەو چوارچێوەی دەرگا، بەڵام دەرگاکە خۆی نا]*.

کۆتایی شانۆی یەکەم

## شانۆی دووهەم

## ناو کۆلانی ماڵی ماسی خانم

*[ماسی خانم لەماڵ دێتە دەر و دوای یەک دوو هەنگاو تووشی جی جی دەبێت. جل وبەرگی جی جی وەک هی زەردەواڵە دروست کراوە. دەست و مشتاق دەکەن و بەردەبنە قسە کردن لەگەڵ یەکتر]*

**حیکایەت بێژ:**
وەختێ چوو بۆ سەرکووجی *[ماسی دەگاتە ناو کۆلانەکەیان]*
چاوی کەفتەو بە جی جی *[چاویان بەیەک دەکەوێت و باوەش بۆ یەکتر دەکەنەوە]*
جی جی زەردەواڵە بوو
مناڵ ئەو بەرماڵە بوو *[جی جی نیشان دەدرێت]*

**جی جی:**
سڵام چارشێو چیل چیلی!
ناسک ناسک حەریری!

**ماسی خانم:**
سڵام جی جی هەنجیری!
چەنێ خاس و چ ژیری

**جی جی:**
ئەچی بۆ کوێ ماسی گیان؟
منیش ئەوەی بۆ خیابان

**ماسی خانم:**
ئەی تۆ مەگەر نازانی
قیژەقیژ و گۆرانی *[دەنگی هەرا و گۆرانی لە دوورەوە دێت]*
زەماوەن ها بەرێگەو

هەڵئەپەڕن لە دوێکەو *[دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و وێنەی هەڵپەڕکێ لە دوورەوە]*
قورواق ماڵی ئاوا بێ
هەرچی کوڕیە زاوا بێ!
*[کۆرس بە مۆسیقا و هەوایەکی خۆشەوە دووپاتی دەکاتەوە و وێنەی قورواق نیشان دەدرێت.]*

**کۆرس:**
قورواق ماڵی ئاوا بێ
هەرچی کوڕیە زاوا بێ! (سێ جار)

**ماسی خانم:**
قاوی کردگە لە منیش
کتک و مشک و مامریش
*[لەگەڵ ئەوەی ناوی کتک دێت، کتک باز دەداتە سەر شانۆ و خۆی دەردەخات. بەهەمان شێوە مشک و پاشان مامر. هەرکام جلوبەرگی تایبەت بە خۆیان لەبەردایە و دەنگی تایبەت بە خۆ دەردێنن. بۆ نموونە پشیلە باز دەداتە سەر شانۆ و بەردەبێتە میاو میاو کردن، ئەوانی تریش بە هەمان شێوە]*

**حیکایەت بێژ:**
مامر لە بان داپەڕی *[مامر لە بەرزاییەوە باز دەداتە خوارەوە]*
تەک جووجەڵە هەڵپەڕی *[مامر و جووجەڵەکان هەڵدەپەڕن]*
لە شان و قۆڵ کەفتگن *[توندتر هەڵدەپەڕن]*
بووچکەلەکان خەفتگن *[چەند جووجەڵە لە سەر زەوی راکشاون وخەوتوون]*

**کۆرس:**
قورواق ماڵی ئاوا بێ
هەرچی کوڕیە زاوا بێ! (دوو جار)
*[ئەو شیعرانە بە مۆسیقا و بە هەوایەکی بن بزۆکە دەگوترێن. وێنەی قورواق و کوڕەکەش بە جلوبەرگی رازاوەی جوانەوە نیشان دەدرێت]*

**حیکایەت بێژ:**
دوێکە نامەی هەناردوو: *[وانیشان دەدات کە نامە دەخوێنێتەوە]*

**قورواق:**
"...بێ بۆ لامان زووبەزوو *[قورواق خێرایەک درێژە بە قسەی حیکایەت بێژ دەدات]:*
زەماوەنە و زەمزەمە
دەوڵە و زوڕنا و قاوڵەمە"
*[دەهۆڵ ژەن و زوڕنا ژەن و قاوڵەمە ژەن لە دوورەوە دەنگێکی خۆشی مۆسیقا دەردەهێنن]*

**کۆرس:** *[بە مۆسیقاوە]*
قاوڵەمەی پڕ لە سەوزی
ئەگەر خواردو نەلەرزی! (سێ جار)

***ماسی خانم:*** *[*یەپەلە دەیەوێ بڕوات]
دەی بێ بچین جی جی گیان
دێرە دێرە شیرین گیان
قورواق نەکا وێسیاوێت
قژەکانی شێویاوێت

**جی جی:** *[بە ئەسپایی و لەبەر خۆیەوە]*
ماسی ئەونە هەوڵ بووگە
کەوشی لەبیرەو چووگە
*[ئەمجار بە دەنگی بەرز روو دەکاتە ماسی خانم]:*
خۆ بێ کەوش ناوێ بچین
ئابەم جۆرە هەڵپەڕین

**ماسی خانم:**
خۆ من خوەمیش ئەزانم
بە پای پەتی ناتوانم
دابێ جی جی گیان گیانێ
با بچینە بەر دووکانێ
دووکان ها لەوبەرەوە *[بە دەست ئەوبەر نیشان دەدات]*
دەی دەی جی جی هەڵخەرەو *[جی جی هەڵدەپەڕێت]*
ئەچین کەوشیش ئەسێنین

بە پای پەتی نامێنین
کەوشێ بۆ هەڵخەوداخە
بۆ ناو گوڵ و ئەو باخە
*[وێنەی باخ و گوڵ نیشان دەدرێت].*

کۆتایی شانۆی دووهەم

## شانۆی سێهەم

### بەر دەرگای دووکانی کەوش فرۆش

*[ماسی خانم و جی جی لە دووکانەکە دێنە دەرەوە]*

**حیکایەت بێژ:**
ماسی خانم کەوشی سەند
دەرگای دووکانیشی ژەند *[دەرگی دووکان پێوە دەدەن]*

**کۆرس:** *[بە مۆسیقاوە؛ هەوایەکی خۆش]:*
کەوشێ سوور بۆ هەڵپەرین
چەنێ بەخ و چ شیرین(دوو جار)

**جی جی:**
کەوشی سوور و تەق تەقی
وەی وەی تۆ چەنێ بەخی! *[لەسەر هەمان هەواو گۆرانی]*

**کۆرس:** *[بە مۆسیقاوە. هەمان هەوا]:*
کەوشی سوور و تەق تەقی
وەی وەی تۆ چەنێ بەخی! (سێ جار)

*[ماسی خانم و جی جی وەرێدەکەون و بە پەلەپەل بەرەو ماڵی قورواق دەچن. هەردووکیان دیارییان هێناوە]:*

**حیکایەت بێژ**
جی جی باڵی ئەگردەو
چاوەکانی ئەکردەو
*[ جی جی دەبێ هەمان ئەوکارانە بکات]*

**حیکایەت بێژ:**
کەفتنە رێگە پەلەپەل
خنچکە خنچکە، شەلە شەل

جی جی نوقڵی هاوردوو *[جی جی بپێدەکەنێ و نوقڵەکە نیشان دەدات]*
ماسیش گوڵی لەبیربوو *[ماسیش گوڵەکە نیشان دەدات]*

**کۆرس:** [بە مۆسیقاوە]:
گوڵێ بۆ لای سەر وەوی
یاخۆ نەشێوگێ خەوی! (دوو جار)

*[ماسی خانم لەجیاتی وەوی واتە بووک، گوڵەکە لەسەری دەدات و ناز دەکات و بپێدەکەنێ]*

**کۆرس:**
نوقڵ بۆسەر شان زاوا
بە کەنینەو، نە داوا
*[جی جی هەندێک لە نوقڵەکە بەسەر شانی خۆیدا دەکات و قاقا بپێدەکەنێ]*

کۆتایی شانۆی سێهەم

## شانۆی چوارەم

## ناو کۆڵانی نزیک ماڵی قورواق

*[ماسی خانم و جی جی تووشی سۆنە دەبن. سۆنە دەنووکی سوورە و کراسی پوولەکەداری لەبەردایە، لەوێ وەستاوە و دەگری]*

**حیکایەت بێژ:**
ماسی خانم و جی جی
وەختێ چوونە سەر کووجی
چاویان کەفت بە سۆنەکە
سۆنە دەنووک سوورکە

**ماسی خانم:**
سڵام دەنووک سوورەکە
کراسەکەت پوولەکە!
لێرا بۆچی وێسیاگی؟
حەی حەی! ئەوە گیریاگی؟

**سۆنە:** *[بە دەنگێکی نزم و دڵی پڕەوە]:*
سڵام بۆ مێمانەکان
ماسی گیان و جی جی گیان
کەوشەکانم دڕیاگە
لە پاگم داکەنیاگە
رووم نییە بڕۆم هەڵپەڕم
بۆ قورواقێ داپەڕم

**حیکایەت بێژ:**
سۆنە چاوگەلی پڕبوو
فرمێسک چاوی شۆڕەو بوو *[سۆنە دەگری و فرمێسک دەسڕێت]*

**کۆرس:**
هەی لە دەنووک سوورەکە
جفتێ کەوشی گەرەکە! (سێ جار)

**کۆرس:** *[بە گاڵتە و پێکەنینەوە]:*
هەی لە دەنووک سوورەکە
جفتێ کەوشی گەرەکە!

**حیکایەت بێژ:**
ماسی بۆ ئەو وردەو بوو
چکێ دڵی نەرمەو بوو
وتی...

**ماسی خانم:** *[دەست بە جێ دوای حیکایەت بێژ]*
...قەزاو لە گیانم
ڕێگەی هەس و ئەزانم

**حیکایەت بێژ:**
ماسی کەوشی لە پا کەند
وتی...

**ماسی خانم:** *[دەست بە جێ دوای حیکایەت بێژ]*
...ئیمڕۆ بۆ تۆم سەند.
ئیتر بەسیە نەگیری
با بێژن چەنێ ژیری!

**سۆنە:**
ئاخر چۆن ئەبێ بێ کەوش
پا بنیتە ناو ماڵ و حەوش؟

**جی جی:** *[ڕووی لە ماسی خانم]:*
گشتی بە تۆ ئەزانێ
قورواق بۆ تۆ ئەڕوانێ
مێمانی ماڵ قورواقە
وەی وەی چەنێ چاوزاقە!

**کۆرس:**

میمانی ماڵ قورواقە
وەی وەی چەنێ چاوزاقە! (سێ جار)

**سۆنە:** *[روو لە ماسی خانم]:*
ئێژن: "وردەو، ماسی گیان،
ئیمڕۆ بووگەسە میمان
ئاوڕووی گشتی بردگە
بە پای پەتی هاتگە"!

**ماسی خانم:**
چارشێو دەی بۆ چە خاسە؟
بۆچە پەنێر و ماسە؟!

**کۆرس:**
بۆچە پەنێر و ماسە؟! (دوو جار)

**ماسی خانم:**
بە مل پاما ئەی کێشم
ژیرانە دائەنیشم

**حیکایەت بێژ:**
سۆنە چکێ ژیرەو بوو
بۆ کەوشەکان وردەو بوو
جا هەر کەوشی کردە پای
لەخۆشیا، وتی...

**سۆنە** *[دەست بە جێ دوای حیکایەت بێژ]* :
"...حای!" *[سۆنە گەلێک کەیف خۆشەو کە دەڵێ "حای" ، بەردەبێتە پێکەنین و هەڵپەڕین].*

کۆتایی شانۆی چوارەم

## شانۆی پێنجەم

## ناو ماڵی قورواق

**حیکایەت بێژ:**
ماسی لەبەر گشتیانەو
سۆنەش لەدوای ئەوانەو
چوونە ماڵەو قیتەقیت
ئەیانڕوانی زیتەزیت
[شێوەی ڕێگا رۆیشتن و روانینیان دەبێ پێکەنین بێنێتە سەر لێوی بینەر. یەکەم ماسی دەڕوات، پاشان جی جی و ئەوانی تر، دوای هەموان سۆنە]

**حیکایەت بێژ:**
دانێ دەوڵەکەی ئەژەند
*[دەهۆڵ ژەن لە حەوشی ماڵی قورواق بە گەرمی دەهۆڵ دەژەنێت، هەوایەکی خۆشی هەڵپەڕکێی کوردی کە لەگەڵ ئەو شیعرەدا یەک بگرێتەوە کە دواتر دیت]*
دانێ گۆرانی ئەخۆند
[گۆرانی بێژ دەستی ناوەتە بن گوێچکەی و لەناو حەوشەکە گۆرانی دەڵێ، ئەوەش گۆرانییەکەیەتی:]

**گۆرانی بێژ:**
هەی نازێ تۆکڵ پیازێ
ئەخوێنم بۆت ئاوازێ!
[گۆرانی دەبێ لەسەر هەوایەکی بن بزۆکێ و خۆش بێت]

**کۆرس:**
هەی نازێ تۆکڵ پیازێ
ئەخوێنم بۆت ئاوازێ! (سێ جار)

کۆتایی شانۆی پێنجەم

## شانۆی شەشەم

## هەمان حەوش و حەساری ماڵی قورواق

*[کۆمەڵێک خەڵک خەریکن بووک دێننە ژوورەوە. بووک دەبێ بیچمی بۆقی هەبێت. تاقمێکی تریش لەولاوە لەناو ماڵەوە زاوا بەرەوپیری بووک دەهێنن. ئەویش بەرگ و بیچمی قورواقی هەیە. خەڵکەکە چەپڵە لێدەدەن و بووک و زاوا هەر هەڵدەپەڕن بەڵام رەق و تەق و مۆن؛ وەک بووک و زاوای ئاسایی نین]*

**کۆرس:**
زەماوەنە و زەمزەمە
دەوڵە و زوڕنا و قاوڵەمە (سێ جار)
*[لێرەدا هەوای گۆرانییەکە دەگۆڕێت. وەک هەوای "بووکمان هێنا و هاتینەوە"]:*

**کۆرس:**
هاتگە وەوی لە دوورەو
زاوا بووەن بۆ ژوورەو (سێ جار)

**حیکایەت بێژ:**
قورواق بە کراس سەوزەو
چووگە ناوەڕاس ئەو حەوزەو
*[حەوزێک بە دیکۆر دروست بکرێت. قورواق لەناو حەوزەکەدایە و کراسەکەشی سەوزە بەڵام هەر شادە و هەڵدەبەزێ.]*
حەوزێک پڕ لە شیرینی
چای و ئیسکان و سینی
*[حەوزەکە شیرنیاتی تێدایە و سەماوەر و ئیستیکان یا فنجان و سینی و چاییش لە قەراخ حەوزەکە دانراوە].*

**کۆرس:**
ئێمە فرە خوەشمانە

نوقڵ و مەویژ بەشمانە (سێ جار)

**حیکایەت بێژ:**
سۆنە کراس پوولەکی
چووگەسەو بۆ سەرچۆپی
*[ئاڵقەی شایی گیراوە و سۆنە سەرچۆپی دەکێشێ. هەڵپەڕکێکان باشتر وایە هەڵپەڕکێی جۆر بەجۆری لای سنە بن]*

**کۆرس:**
هەڵخە و داخەی زەماوەن
تیکەکەتان بجاون (سێ جار)

**ماسی خانم و جی جی و قورواق:**
هەڵخە و داخەی زەماوەن
تیکەکەتان بجاون (دوو جار)

**کۆرس:**
هەڵخە و داخەی زەماوەن
تیکەکەتان بجاون(سێ جار)

*[ماسی خانم ێ جی جی ێ قورواق پێکەوە هانی بینەرانی ناو هۆڵەکە دەدەن ئەوانیش گۆرانییەکە بڵێنەوە]:*
هەڵخە و داخەی زەماوەن
تیکەکەتان بجاون *[چەند جارێک]*.

*[وردە وردە دەنگی کۆرس و خەڵکەکە کەم دەبێتەوە، ئاڵقەی شاییەکە لە سەر شانۆ دەڕواتە دەرەوە و لە چاوان وون دەبێت]*.

کۆتایی